### به بۆنەی بیست و سێیەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# ڕامان و شکۆی تەمەنە هەڵکشاوەکەی

د. عەبدوڵلا ئاگرین

ماندووبوونی کارگەرانی گۆڤاری ڕامان، کلّپە و تینی ئەوینێکی گڕگرتووی عاشقانی وشەی پیرۆزی کوردییە.. ئەو عیشقەی چاوگی هزر و بیری مرۆڤایەتییە، کە هەر لە یەکەم ژمارەیەوە بێ پەروا دەرخواردی خوێنەری کوردتان داوە، تیشکی ڕووناکی چرای خۆزگە بەهادار و پیرۆزەکەتان، لە مێشک و دڵ و دەروونی خەڵکی بەرچاو تاریک و بێ ورەدا هەڵدەکرد. بەردەوامی ئەم گۆڤارە بەو توانستە ماددی و ستافە گونجاوە خنجیلانەیەوە، نیشانەی توانایییەکی دەگمەن و بەدەستەوەدانی بەرهەمێکی ناوازەیە، کە کانی بەهرەکانی تەقاندەوە و بووە ئیعجاز لای ئەوانەی ڕێز لە کاری داهێنەرانە دەگرن، بۆ ئەوانەش کە چاویان بە پێشکەوتن و ئاستی باڵای ناوەرۆک و تەکنیکی جوانی گۆڤارەکە بەرایی نەدەهات بە بەژنە بڵندە داگیرساوەکەیدا هەڵزنێن و بڕوانن، کەچی بە تێپەڕینی ڕۆژگار متەقیان لەخۆیان بڕی، ئا لەم سەردەمی بێ ئینسافییەدا، هەبوون دەیانویست کێوی متمانە بەخۆ و کێوی ئیرادەی بەرزی دڵسۆزیتان بڕووخێنن، ئەوانە هەرچەندە دەمی ناهەقی و ستەمیان لە بەرهەم و ماندووبوونتان دەژەنی و دەیانویست حەماسەت و دڵسۆزیتان لەبن بێنن، بەڵام بێ پەروا ئەو هەوڵانەیان بەردەوام پووچەڵ دەبوونەوە، بە پێچەوانەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەدیب و ڕۆشنبیر و هونەرمەند و خەمخۆرانی کولتوور و داهێنان و دڵسۆزانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە پەرۆشیی زیاترەوە لە دەوری گۆڤارەکەیان کۆدەبوونەوە و خۆیان بە خاوەنی ڕامان زانیوە و دەزانن.

ئەوانەی بە چاوێکی دی سەیریان دەکردن، لە زمانی عیشق حاڵی نابن، ئەوە هەڵوێستی جوامێرانە و پۆزەتیڤانەی نووسەران، بە تایبەت ئەدیب و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید، کە پێشوازییان لە ئاپۆرای ئەدیب و نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان کرد، چونکە دەتانزانی عیشق موعجیزە دەخولقێنێت و داینەمۆی بەردەوامی ژیانی شکۆداری گۆڤارەکەیە. بە هەموو شێوەیەک کارتان کرد و نەوەستان و بێ باکانە گۆڤاری (ڕامان)تان بەم مەنزڵە باڵایە و ئەم تەمەنە هەڵکشاوەی گەیاند، بەهیوای ئەوەی گزنگی خۆری داهێنانەکانی ئێوە و گۆڤارەکە هەردەم ناسنامەیەکی پڕشنگداری مێژووی دنیای ئەدەب و فیکر و هونەر و ڕۆژنامەگەریی کوردی بێت و هەمیشە سەرکەوتوو بن.